با سەرکردەی بێ ئاگا  چیتر مێژوو نەشێوێنن، چونکا ناتوانن دڵی پشدەری و بیتوێنیەکان لێک بڕەنجێنن




بەڵگەی زیندوو زۆرن بۆ  ٤ - ٣ - ١٩٩١ کە یەکەم  ڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەیە،  بەڵام بێ ئاگاکان لە شۆڕش و ڕاپەڕین کردیان بە ٥ - ٣- ١٩٩١. وایان زانی کە لە بری خەبات، ڕانیە بێت... لە بری پشدەری ڕاگوێزراو و دابەشکراو بە سەر ئۆردوگا زۆرە ملێکان بیتوێن بێت.. دەتوانن مێژوو بشێوێنن... دەبێت خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ئەو بڕیارە بدەن، نەک سەرکردەی حزبێک کە لە کاتی ڕاپەڕین هەر لە وولاتیش نەبوو:

*  ٤ - ٣- ١٩٩١ یەکەم  ڕۆژی ڕاپەڕینە و شەهید بەختیار هورێوەیش یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینە ،

* ٥ - ٣ - ١٩٩١ یەکەم ڕۆژی پاکسازی کوردستانە لە داگیر کەران و بیوێنی دەستە خوشکی پشدەر و مەرگە دەروازەی پاکسازیە.

* خەڵکی قەڵادزێ هەمیشە خۆیان بە قەرزداری خەڵکی ڕانیە زانیوە و دەزانن... چونکا هەمیشە پشتیوانیان بوون و لە ٥ - ٣ - ١٩٩١ لەسەر خەڵکی پشدەر وەجواب هاتن و بەعسیان بۆ هەتا، هەتا لە بیتوێن وەدەرنا.. ئەگینا ئێستا ئێسک و پرۆسکی پیاوەکانی پشدەرێ دەبوو لە نوگرە سەلمان و عەرر بۆیان گەڕابایان و بۆ کچۆڵەکانیشیان لە میسر و وڵاتانی تری عەرەبی.

* پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان بە سوپاسەوە بۆ خەڵکی حاجیاوا، چوار قوڕنە، ڕانیە و دەوروبەری، ٥ - ٣ -١٩٩١ بەرز بنرخێنن وەک یەکەم ڕۆژی وەدەرنانی بەعسیان لە ناوچەکە و ٤ - ٣ - ١٩٩١ وەک یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین تۆمار بکرێت وەک سەروەری بۆ پشدەری سوتماک کراو، قەڵادزێ دوو جار شەهید و دیبگەی ڕاگوێزراو لە خەبات.

* جێگای دڵ خۆشی خەڵکی بیتوێن و پشدەرە، کە ئەم ساڵ جیا لەساڵانی پێشوو، بۆ یەکەم جار حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٤ و ٥ / ٣ وەک پشووی ڕەسمی ڕاگەیاند،

http://www.hawlati.co/babetekan/13724

بەڵام ئەوەندە بەس نیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی ئەو مێژووە بەڕەسمی بناسێنێت.

* پشدەر، مەرگە و بیتوێن بە ڕا پەڕینەکانی ٢٤ – ٤ هەشتاکان، ٤ – ٣ ی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین و ٥ – ٣ی پاکسازی پێکەوە جوانن و بوونە و پێشەنگ. بە پشتیوانی خوا هەر پێشەنگیش دەبن لە کوردایەتی و مەردایەتی بەتایبەت لە هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆ بوونی کوردستان.

ناوەندی قەڵادزێ

www.nawandiqaladze.com

qaladze1974@hotmail.com